حەشدی شەعبی ئامادەیی بە مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە "تیرۆریستیەکان" لە سووریا ڕاگەیاند

سەرۆکی ئەنجوومەنی حەشدی شەعبی عێراقی ئامادەیی تەواوی چەکدارانی حەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی عێراقی بە مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە "تیرۆریستیەکان" ڕاگەیاند.

لە لێدوانێکی بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی، فالح فەیاز، سەرۆکی ئەنجوومەنی حەشدی شەعبی عێراق ڕایگەیاند: حەشدی شەعبی و هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئامادەن بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا لە پارێزگای نینەوا لە باکووری ڕۆژئاوای عێراق، گوتیشی: فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان هەموو ئاسانکارییەکی بە پاڵپشتیکردنی هێزە ئەمنییەکان دابینکردووە کە ئاسایشی وڵات دەپارێزن، بە گەلی عێراق ڕادەگەیەنین کە عێراق بە سەقامگیری دەمێنێتەوە و دژانین چۆن شێوەی تیرۆریستان بکەین.

ئەوەش دوای ئەو مەترسیانەی لە ناوخۆی عێراق دەرکەوت، دوای ئەوەی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانی ئەپۆزسیۆنی سووریا سەربە تورکیا، هەرشیان کردەسەر شارەکانی حەلەب و حەما و ئیدلب لە سووریا، ئەمەش مەترسی بە ناوخۆی عێراق درووستکرد لە مەترسیی نزیکبوونەوەی ئەو گرووپە توندڕەوانە لە سنووری عێراق.